# من باشترین هەوڵدەدەم بۆ ئەوەی پێشنوێژیتان بۆ بکەم بە هەمان ئەو شێوەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆ ئێمە ئەنجامدەدا

له ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «من باشترین هەوڵدەدەم بۆ ئەوەی پێشنوێژیتان بۆ بکەم بە هەمان ئەو شێوەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆ ئێمە ئەنجامدەدا»، سابت دەڵێـت: ئەنەس هەندێک شتی ئەنجامدەدا نابینم کە ئێوە ئەنجامی بدەن، ئەگەر سەری لە ڕکوع بردن بەرز بکردایەتەوە بۆ ماوەیەک بە ڕێکی دەوەستا؛ هەتا لەوەیە کەسێک پێی وا بێت (چوون بۆ سوجدە بردنی) لە بیرچووە، وئەگەر سەری لە سوجدە بردن بەرز بکردایەتەوە بۆ ماوەیەک دادەنیشت، هەتا لەوەیە کەسێک پێی وا بێت (چوون بۆ سوجدە بردنی) لە بیرچووە.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- دەیووت: باشترین هەوڵدەدەم بۆ ئەوەی پێشنوێژیتان بۆ بکەم بە هەمان ئەو شێوەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆ ئێمە ئەنجامدەدا، بۆ ئەوەی ئێوە شوێنی شێوازی ئەو بکەون لە ئەنجامدانی نوێژدا و وەکو ئەو نوێژ بکەن. سابتی بونانی دەڵێت: ئەنەس هەندێک شتی ئەنجامدەدا بەهۆی جوانی وڕێکی نوێژکردنەکەی؛ نابینم کە ئێوە ئەنجامی بدەن، ئەگەر سەری لە ڕکوع بردن بەرز بکردایەتەوە بۆ ماوەیەک بە ڕێکی دەوەستا؛ هەتا لەوەیە کەسێک پێی وابێت چوون بۆ سوجدە بردنی لە بیرچووە یان لەبیری چووە لەوەی کە لە وەستانی نێوان ڕکوع وسوجدە بردندایە، وئەگەر سەری لە سوجدە بردن بەرز بکردایەتەوە بۆ ماوەیەک دادەنیشت؛ هەتا لەوەیە کەسێک پێی وابێت چوون بۆ سوجدە بردنی لە بیرچووە یان لە بیری چووە لەوەی کە لە دانیشتنی نێوان سوجدەکاندایە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3227

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee